# فیقهی ئاسان : پەرتووكی حەج

## دەروازەی سێهەم : قەدغەكراوەكانی ناو ئیحرام، وفدیه وهەدی

الفقه الميسر: كتاب الحج، الباب الثالث : في المحظورات والفدية والهدي

< كوردی - كردي - kurdish >

## دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

## دەروازەی سێهەم : قەدغەكراوەكانی ناو ئیحرام، وفدیە وهەدی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی كوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی سێ بابەتی سەرەكی دەكەین، بابەتی یەكەم، قەدەغەكراوەكانی ناو ئیحرام، وە بابەتی دووەم : فدیەی قەدەغەكراوەكان، بابەتی سێهەم : هەدی وحوكمەكانی، لەگەڵمان تا كۆتایی، تاوەكو شارەزایی بەشێك لە ئاینەكەتان بن : -

### بابەتی یەكەم : قەدەغەكراوەكانی ناو ئیحرام :

قەدەغەكراوەكانی ناو ئیحرام، مەبەست پێی ئەو كارانەیە كە ئەو كەسەی كە لەناو ئیحرامدایە نابێت ئەنجامی بدات، ئەوانیش نۆ دانەن : -

1-لەبەركردنی كەلوپەلی دوراوو : مەبەست پێی ئەو كەلوپەلانەیە كە بە ئەندازەی جەستە یان ئەندامێكی جەستە دوراوو بێت، وەك شەرواڵ ودشداشە و فانیلە وهاوشێوەكانی، بەلام ئەو كەسەی كە (إزار) دەرەدامانی دەست نەكەوێت دروستە بۆی شەرواڵ لەپێ بكات، بێگومان ئەم قەدەغەكراوە بۆ پیاوانە، چونكە ئافرەتان بۆیان هەیە هەر جۆرە جلوبەرگێك كە بیانەوێت لەبەری بكەن، جگە پەچە و دەستكێش نەبێت، وەك دواتر باسیان لێوە دەكەین .

2-بەكارهێنانی بۆنی خۆش بۆ لاشە ودەرەدامان وپشتەماڵەكەی – ئحیرامەكانی – لەگەڵ بۆنكردنی بۆنی خۆشیش، بەلام دروستە بۆنی گوڵ وگژوگیای بۆن خۆش بكات، هەروەك چۆن دروستە بەشتێكیش چاوی بڕەژێت كە بۆنی خۆش نەبێت .

3-لابردنی مووی لاشە ونینۆك كردن، بۆ پیاوان وئافرەتانیش، وە دروستە لەسەر خۆی وبەهێمنی سەری بشوات، خۆ ئەگەر هاتوو نینۆكێكی شكابوو دروستە لێی بكاتەوە ولای ببات .

4- داپۆشینی سەر بۆ پیاوان بەشتێكی نوساو بەسەرەوە، بەڵام دروستە بچێتە ژێر سێبەری خێمە ودرەختەوە، هەروەك چۆن دروستە لەكاتی پێویستیدا چەتر وسەیوان بەكار بهێنیت، ئافرەتانیش دروست نیە دەموچاویان بە ئەندازەی ڕوومەتیان داپۆشن، وەداپۆشسینی بە پەچە و نیقاب، هەروەك چۆن واجبە لەكاتی بوونی كەسانی بێگانەدا بە سەرپۆشێك ڕومەتی خۆیان بشارنەوە، هەروەها ئافرەتان دروست نیە دەستكێش لەدەست بكەن، جگە لە پەچە و دەستكێش ئافرەتان بۆیان هەیە هەرشتێكی تر بپۆشن كە گونجاو بێت بۆیان، بەڵام ئەگەر هاتوو كەسێك بۆنی خۆشی لەخۆدا، یان سەری داپۆشی، یان شتێكی دوراوی لەبەر كرد بە نەزانی یان لەبیرچوون، یان بەزۆرەملێی كەسێكی تر، ئەوا هیچ شتێكی لەسەر نیە، بە بەڵگەی ئەوەی كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: { عفي لأمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه}، واتا : نووسینی تاوانی هەڵە ولەبیرچوون وزۆرەملێ كردن لەسەر ئومەتەكەم هەڵگیراوە .

جا كاتێك ئەو كەسەی نەیدەزانی فێر بوو، یان ئەو كەسەی لەبیری چوو بوو بیری هاتەوە، یان زۆرەملێی كردنەكەی لەسەر نەما، ئەوا دەبێت واز لەبەردەوام بوون لەو كارە قەدەغە كراوە بهێنێت .

5- گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ خۆی، یان بۆ كەسێكی تر .

6- سەرجێی كردن لەگەڵ ئافرەت، ئەگەر هاتوو پێش تەحەلولی یەكەم بوو، ئەوا حەجەكە بەتاڵ دەكاتەوە، ئەگەر دوای وەستان لە عەرەفەیش بێت .

7-لێك كەوتنی ئافرەتان بێ سەرجێی كردن : مەبەست پێی تێكەڵاوی كردنە لەگەڵ ئافرەتان ئەگەر نەگاتە ئەندازەی چوونەلایشی، هەرچەندە حەج یان عومرە بەتاڵ

ناكاتەوە، بەڵام یەكێكە لە قەدەغەكراوەكانی ناو ئیحرام، هەروەها ماچكردنی خێزان ودەست پێداهێنان وسەریكردنیشی بەشەهوەتەوە لە قەدەغەكراوەكانی ناو ئیحرامن .

8-كوشتن وڕاوكردنی نێچیری ووشكانی، بەڵام دروستە ئەو گیانلەبەرانە بكوژێت كە پێغەمبەی خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی كردووە بەكوشتنیان لە ناو ئیحرام ودەرەوەی ئیحرامیشدا، وبەگیاندارە فاسیقەكان ناوی هێناون ، ئەوانیش بریتین لە : قەلەڕەش ومشك ومار ودووپشك وكۆلارە وەسەگی هار، وە دروست نیە بۆ ئەو كەسەی لەناو ئیحرامدایە بەئامازە وغەیری ئامازەیش هاوكاری كەسێكیش بكات كە ڕاوی ووشكانی دەكات، بەهەمان شێوە دروست نیە لە گۆشتی ئەو نێچیرەش بخوات كە بۆی ڕاو كراوە .

9-دروست نیە بۆ ئەو كەسەی كە لەناو ئیحرامدایە ئەوەیشی لەناو ئیحرامدا نیە دار ودرەخت وگژ وگیا ورووەكی سنوری حەرەم بیشكێنێت وببیرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو لق وپۆپی دارێك یان درەختێك شۆڕ بوو بوویەوە ناو ڕێگای خەڵكی ودەبووە مایەی ئەزیەت وئازاریان ئەوا دروستە ببڕێت ولاببرێت، بەڵام ڕووەكی (الاذخر) یان هەر ڕووەكێكی تر كە ئادەمیزاد ناشتبێتی بە كۆدەنگی زانایان دروستە ببڕێت .

**بابەتی دووەم : فدیەی قەدەغەكراوەكان :**

سەبارەت بە موو لەخۆكردنەوە، ونینۆك كردن، ولەبەركردنی كەلوپەلی دوراوو، وبۆنی خۆش لەخۆدان، وسەرداپۆشین وئاوهاتنەوە بەتەماشاكردن، ودەستبازی كردن لەگەڵ ئافرەتان ئەگەر ئاویشی نەیەتەوە، فدیە وقەرەبووكردنەوەیان بە یەكێك لەم سێ شتانەی خوارەوە دەبێت، بە ئارەزووی ئەو كەسەی كە قەدەغەكراوەكەی ئەنجامداوە : -

1- سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوون .

2- یان خواردن پێدانی شەش هەژار .

3- یان سەربڕینی شەكێك .

به بەڵگەی ئەو فەرموودەیە کاتێك کەعبی کوڕی عەجره ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئازارێك بەهۆی برین یان بەهۆی کێچ وئەسپێیەوە لەسەردا درست بوو بوو، پێغەمبەی خوا (صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو : { احلق رأسك، وصم ثلاثه أيام، أو أطعم ستة مساكين، أو أنسك شاة } [1].

واتا : سەرت بتاشە، وپاشان سێ ڕۆژ بەڕۆژووبە، یان خواردن بدە بە شەش هەژار، یان شەکێك سەرببڕە .

ئەوەی ووتمان فدیەی سەرتاشین بوو، فدیەی قەدەغەکراوەکانی تر کە ئاماژەمان پێدا، قیاسی دەکەینە سەر فدیەی سەرتاشین، چونکە هەر هەموویان بە چوونە ناو ئیحرامەوە قەدەغە دەبن لەسەر حاجی یان موعتەمیر، وە هیچیشیان حەج وعومرە بەتاڵ ناکەنەوە، تەنها ئەوەیە بە ئەنجامدانی یەکێك لەوانە فدیەیەك لەو سێ فدیەیە ئەنجام بدات .

سەبارەت بە فدیە وقەرەبوو کردنەوەی کوشتنی نێچیر وڕاوکردن : ئەو کەسەی کە نێچیرەکەی کوشتوە وڕاوی کردووە، سەرپشکە لەنێوان سەربڕینی هاوشێوەی ئەوەی کوشتویەتی وڕاوی کردووە، یان پارە بخەملێنرێت ونرخەکەی بدرێت بە خواردن بۆ هەژارانی حەرەم، هەموو هەژارێك مشتێکی گەورە گەنم کە دەکاتە نزیکە (550)گرام، یان نیو صاعە غەیری گەنم کە دەکاتە نزیکە کیلۆ وچارەکێك لە جۆ یان لە خورما یان ئێستا کە خواردنی زۆربەری خەڵکی بووەتە برنج دەبێت برنج بێت، ئەگەر ئەو کەسەی کە قەدەغەکراوەکەی ئەنجامداوە ئەمەی نەکرد دەتوانێت لەبری خواردنی هەر هەژارێك ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ هَدۡيَۢا بَٰلِغَ ٱلۡكَعۡبَةِ أَوۡ كَفَّٰرَةٞ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوۡ عَدۡلُ ذَٰلِكَ صِيَامٗا﴾ [ المائدة: ٩٥ ] .

واتا : ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە, هەتا لە ئیحرامدان هیچ جۆرە نێچیرێکی وشکانی مەکوژن، هەرکەسێکتان بەدەست ئەنقەست کوشتیی و لەئیحرامیشدا بوو، لە

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1815) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1201) ڕیوایەتیان کردووە .

تۆڵەی ئەوەدا دەبێ وێنەی نێچیرە کوژراوەکە لەمەڕو بزن و وشترو گا کەفارەت بدات,
دوو کەسی دادگەرێ زاناشتان بڕیاری لەسەربدەن و بڵێن: ئەمە بۆبارتەقاو کەفارەتی
نێچیرە کوژراوەکە دەشێت, ئەو کەفارەتە بهێنێتە سنوری حەرەم و هەرلەوێش سەری
ببڕێ و، بیداتە هەژاران, یان لەجێی قوربانیە کە ئەگەر هاووێنەی حەیوانە کوژراوەکە
نەبوو خواردن بدرێ بەخەڵکانی بێنەواو هەژار، یان بەئەندازەی قیمەتی ئەو نیچیرە
چەند رۆژ یێك بە رۆژوو بن، واتە: دەبێ حەیوانە کوژراوەکەبکرێ بە پارەو، ئەو پارەیە
چەندە خواردن بکات، لە باتی هەر مشتەی رۆژێك بە رۆژوو بن .

سەبارەت بە چوونە لای ئافرەت پێش تەحەلولی یەکەم، یان ئاو هاتنەوە بەدەستبازی
کردن لەگەڵیدا، یان بەدەستپەڕ کردن، یان بەماچکردن، یان بە لێوەنوسان
بەشەهوەتەوە، یان بەزۆر تەماشاکردن وبیرلێکردنەوەی، ئەوا حەجی ئەو کەسە بەتاڵ
دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە دەچێتە لای خێزانی وسەرجێی
لەگەڵدا دەکات حوکمەکەشی نەزانی بێت یان لەبیری چوو بوو کە حەرام وقەدەغەیە،
یان زۆریشی لێکرا بێت بۆ ئەو کارە، ئەوا حەجەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و واجبە لەسەری
ووشترێکیش سەر ببڕێت، وە لەساڵانی داهاتویشدا قەزای حەجەکەی بکاتەوە، وتەوبە
لەکارەکەشی بکات .

بەڵام سەبارەت بە گرێبەستی هاوسەرگیری کردنیش لەکاتی ئیحرامدا : هیچ فدیە
وقەرەبوو کردنەوەیەك واجب ناکات، هێندە هەیە ئەو گرێبەستە بەتاڵە ودانامەزرێت .

وە سەبارەت بە بڕینی دار ودرەخت وگژ وگیا وڕووەکی سروشتی سنوری حەرەمیش
ئەوانەی کە ئادەمیزاد نەیناشتوون، بۆ درەختێکی بچووك وەك عورفی خەڵکی دەبیت
شەکێك سەر ببڕێت، بۆ درەختێکی لەوەش زیاتر دەبێت مانگایەك سەر ببڕێت، بۆ
ڕووەك وگەڵا لێکردنەوەش بە پارە دەخەلمێنرێت، چونکە دەتوانرێت بخەملێنرێت بە
پارە، پاشان بە پارەکەی دەدرێت بە خواردن بۆ هەژارانی ئەو سنوورە، ئەمەی ووتمان
کاتێك ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات بە عەمدی و دەست ئەنقەصد بێت، بەڵام ئەگەر
هاتوو نەزان یان لەبیری نەبوو یان زۆرلێکراو بوو، هیچی لەسەر نیە .

## بابەتی سێهەم : هەدی وحوكمەكانی :

مەبەست لە هەدی : ئەو شتەیە لە ئاژەڵ ورەشە وولاخ وووشتر دەكرێت بە دیاری بۆ حەرەم ولەوێ سەر دەبڕرێت، بە مەبەستی عیبادەت ونزیك بوونەوە لەخوای گەورە .

## جۆرەكانی هەدی : -

1-هەدی تەمەتوع وقیران : ئەو كەسەی حەجی تەمەتوع یان قیران بكات وخەڵك ودانیشتووی شاری مەككەی پیرۆز نەبێت، ئەوا دەبێت شەكێك سەر ببڕێت، ئەم خوێن سەر بڕینەش یەكێكە لە نوسك وواجبەكانی حەجەكەی، نەك قەرەبووكردنەوە بێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلۡعُمۡرَةِ إِلَى ٱلۡحَجِّ فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۚ ﴾ [ البقرة: ١٩٦ ] .

واتا : هەر كەسێك لە سەرەتاوە ئیحرامی بەعومرە بەست و ئەرك وئەركانەكانی بەجێ هێناو، پاشان ویستی بەهرە ببا لە عومرە و تەمەتوع بكا هەتا كاتی ئیحرام بە حەج بەستن، ئینجا ئیحرامی بە حەج بەستەوە, چ ئاژەڵێكی لە دەست دێ دەبێ سەری ببرێت .

ئەگەر هاتوو ئاژەڵ نەبوو سەری ببڕێت، یان دەسەڵاتی نەبوو سەری ببڕێت، ئەوا دە ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت، سێ ڕۆژیان لە حەج و، وە دروستە لە سێ ڕۆژەكەی دوای یەكەم ڕۆژی جەژنی قوربان كە پێی دەڵێن ( أيام التشريق ) بەڕۆژوو بێت، وە حەوت ڕۆژەكەی تریش كاتێك گەڕایەوە ناو ماڵ و وولاتی خۆی، وەك خوای گەورە فەرمووەیەتی : ﴿ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖ فِي ٱلۡحَجِّ وَسَبۡعَةٍ إِذَا رَجَعۡتُمۡۗ تِلۡكَ عَشَرَةٞ كَامِلَةٞۗ ﴾ [ البقرة: ١٩٦ ] .

واتا : هەر كەسێك بۆی نەكراو دەستی نەرۆیشت ئاژەڵ سەر ببڕێت، با سێ ڕۆژ لە حەج بەرۆژوو بێت و حەوت ڕۆژی تریش كە گەڕانەوە (ناو ماڵ و حاڵی خۆیان) ئەوە دەكاتە، دە، ڕۆژی تەواو .

وە سوننەت وایە حاجی لەو ئاژەڵە بخوات كە سەری دەبڕێت بۆ حەجی تەمەتوع وقیران، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّۚ ﴾ [ الحج: ٣٦ ] .

واتا : ئەو ئاژەڵەی سەری دەبڕن لە گۆشتەكەیان بخۆن وە دەرخواردی هەژاران و سواڵكەرانی بدەن .

2- هەدی قەرەبوو كردنەوە : كە مەبەست پێی ئەو فدیە یە كە بەهۆی نەكردنی یەكێك لە واجبەكانەوە، یان بەهۆی یەكێك لە قەدەغەكراوەكانی ناو ئیحرامەوە، یان بەهۆی ڕێگا لێگیرانیەوە لەتەواو كردنی حەج وعومرەكەی، واجب دەبێت لەسەری، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی كە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَإِنۡ أُحۡصِرۡتُمۡ فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۖ ﴾ [ البقرة : ١٩٦ ].

واتا : ئەگەر ڕێگەیان نەدان بچنە حەج، یان عومرە، بەهۆی ئابڵوقەی دوژمنەوە، وەیان نەخۆشیی ڕێگای پێ نەدان و نەتانتوانی ئەركەكانیان تەواو بكەن، ئەوسا چەندە دەتوانن ئاژەڵ سەر ببڕن ولە ئیحرام بچنە دەرێ .

هەروەها عەبدوڵای كوڕی عەباس ( خوا لەخۆی وباوكی ڕازی بێت ) ووتویەتی : (من نسي من نسكه شيئا أو تركه، فليرق دما ) [1] .

واتا : هەركەسێك نوسوك و واجبێكی لە واجبەكان لەبیرچوو یان وازی لێهێنا وئەنجامی نەدا، ئەوا با خوێنیك برێژێت، واتا : با ئاژەڵێك سەر ببڕێت .

ئەم جۆرە لە ئاژەڵ دروست نیە ئەو كەسەی كە واجب بووە لەسەری لێی بخوات، بەڵكو دەبێت بە خێر وبەسەر هەژارانی حەرەمدا ببیەخشێتەوە .

3- هەدی خۆبەخش : كە مەبەست پێی قوربانی وخێركردنە : ئەمەش سوننەتە هەموو حاجی وعومرەكارێك ئەنجامی بدات، وەك چاولێكردن وئیقتەدا كردن بە پێغەمبەری خواوە ( صلى الله عليه وسلم ) كە سەد ووشتری كردە قوربانی وخێر لە حەجی ماڵئاواییدا، كە كۆتا حەجی بوو لە تەمەنیدا ئەنجامی بدات .

وە سوننەتە لەم قوربانی وخێرە بخورێت، چونكە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) كاتێك ئەو ووشترانەی سەر بڕی فەرمانی كرد لە هەر دانەیەكیان پارچەیەك بهێنن وبیكەن بە خواردن بۆی، ئەوە بوو هێنایان ولێیاننا، ئەویش لێی خوارد و لە ئاو گۆشتەكەشی خواردەوە [2].

وە غەیری موحرمیش، واتا ئەو كەسانەی كە لە ئیحرامیشدا نین، دروستە بۆیان قوربانی وخێرەكانیان بنێرن بۆ مەككەی پیرۆز تاوەكو لەوێ سەر ببڕێن وبكرێن بەخێر

(1) بەیهەقی ڕیوایەتی كردووە (152/5)، پێشتریش لە لاپەڕە 177 باسمان لێوەكردووە .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1218) ڕیوایەتی كردووە .

وصەدقە لە پێناو خوای گەورە ومیهرەباندا، وە هیچ شتێکیش لەوانەی کە لەسەر موحریم حەرامە لەسەر ئەو حەرام ویاساغ وقەدەغە نابێت .

4- هەدی نەزر : مەبەست ئەو نەذرەیە کە حاجی وەك عیبادەت ونزیك بوونەوە لەخوای گەورە لەسەر خۆی واجب دەكات، بۆیە پێویستە لەسەری وەفا بكات بە نەزرەكەیەوە و جێ بەجێی بكات، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ﴾ [ الحج: ٢٩ ] .

واتا : لەوەودوا با چڵك و ئارەق و موو و نینۆك لە خۆیان دووربخەنەوە (ئیحرام بشكێنن)، هەروەها وەفا بكەن بە نەزرەكانیان و جێبەجێی بكەن .

وە دەبێت ئەوەش بزانین دروست نیە بۆ ئەو كەسەی كە ئەم نەذرەی كردووە لەم لە گۆشتی ئەو ئاژەڵە بخوات كە سەری بڕیوە .

### كاتی سەربڕین :

سەربڕینی هەدی تەمەتوع وقیران كاتەكەی لەپاش نوێژی جەژنەوە دەست پێدەكات تا كۆتا ڕۆژی چوارەم كە بە (أيام التشريق) ناسراون .

بەڵام سەربڕینی فدیەی ئازاری سەرتاشین ولەبەركردنی پۆشاكی دوراوو لەو كاتەوە دەست پێدەكات كە ئەو سەرپێچی وقەدەغەكراوەی ئەنجامداوە، هەروەها سەبارەت بە فدیەی نەكردنی واجبێكیش لەو كاتەیەوە كە واجبەكەی بەجێ نەهێناوە .

سەبارەت بە خوێنی ڕێگری كردنیش لە ئەنجامدان وتەواوكردنی حەج یان عومرە لەو كاتەوە دەست پێدەكات كە هۆكاری ڕێگری كردنەكە دروست دەبێت، كە بریتیە لە شەكێك بۆ تەنها كەسێك، یان ووشترێك بۆ حەوت كەس، یان مانگایەك بۆ حەوت كەس، خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ﴾ [ البقرة: ١٩٦ ] .

واتا : ئەگەر ڕێگەیان نەدان بچنە حەج، یان عومرە، بەهۆی ئابڵوقەی دوژمنەوە، وەیان نەخۆشیی ڕێگای پێ نەدان و نەتانتوانی ئەركەكانیان تەواو بكەن، ئەوسا چەندە دەتوانن ئاژەڵ سەر ببڕن ولە ئیحرام بچنە دەرێ .

## شوێنی سەربڕین :

سەربڕینی هەدی وقیران : سوننەت وایە کە لە مینا بێت، وە دروستە لە هەر بەشێك لەبەشەکانی سنووری حەرەم سەر ببڕێت .

هەروەها فدیەی نەکردنی واجب و ئەنجامدانی قەدەغەکراوێك لە قەدەغەکراوەکانی ناو ئیحرام نابێت لە غەیری سنوری حەرەم سەربڕێت، هەدی ڕێگری کردن نەبێت لە ئەنجامدان و تەواو کردنی حەج یان عومرە لەو شوێنە سەر دەبڕێت کە ڕێگری لێکراوە، سەبارەت بە ڕۆژوو گرتنیش دروستە لە هەر جێگایەك بێت، بەڵام سوننەت وایە سێ ڕۆژیان لە ڕۆژانی حەج بێت و حەوتی دیکەیان کاتێك گەڕایەوە بۆ وولات وناو ماڵ ومناڵی خۆی، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَإِذَآ أَمِنتُمۡ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلۡعُمۡرَةِ إِلَى ٱلۡحَجِّ فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۚ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖ فِي ٱلۡحَجِّ وَسَبۡعَةٍ إِذَا رَجَعۡتُمۡۗ تِلۡكَ عَشَرَةٞ كَامِلَةٞۗ ﴾ [ البقرة: ١٩٦ ].

واتا : هەرکاتێك ترستان لە دوژمن نەما، وەیان لە نەخۆشی ئاسوودەی دڵنیا بوونەوە، هەر کەسێك لە سەرەتاوە ئیحرامی بەعومرە بەست و ئەرك وئەرکانەکانی بەجێ هێناو، پاشان ویستی بەهرە ببا لە عومرە و تەمەتوع بکا هەتا کاتی ئیحرام بە حەج بەستن، ئینجا ئیحرامی بە حەج بەستەوە, چ ئاژەڵێکی لە دەست دێ دەبێ سەری ببڕێت، وە هەر کەسێك بۆی نەکراو دەستی نەرۆیشت ئاژەڵ سەر ببڕێت، با سێ ڕۆژ لە حەج بەرۆژوو بێت و حەوت ڕۆژی تریش کە گەڕانەوە (ناو ماڵ و حاڵی خۆیان) ئەوە دەکاتە، دە، ڕۆژی تەواو .

وە سوننەتە کە حاجی خۆی ئەو ئاژەڵە سەر ببڕێت، خۆ ئەگەر کەسێکیش بکات بە وەکیلی خۆی هیچ گرفتێك نیە، وە سوننەتە لە کاتی سەربڕیندا بڵێت (بسم الله، اللهم هذا منك ولك ) واتا : بەناوی خوا، ئەی خوایە ئەمە هی تۆیە و هەر بۆتۆیشە .

## مەرجەکانی هەدی :

تەواوی ئەو مەرجانەی کە زانایان دایاناوە بۆ ئەو ئاژەڵەی دەکرێتە قوربانی هەمان مەرجیش پێوستن بۆ ئەو ئاژەڵەی دەکرێتە هەدی و فدیە کە ئەمانەن :

1- دەبێت یان لە ووشتر بکرێت یان لە مانگا یان لە مەڕ وبزن .

2- دەبێت هیچ عەیب وکەمو کورتیەکی نەبێت کە ببێتە ڕێگری لەبەردەم ئەنجامدانیدا، وەك نەخۆشی و کوێری و شەلی و لەڕ ولاوازی .

3- دەبێت ئەو تەمەنەی تەواو کردبێت کە شەرع بۆی داناوە : ووشتر دەبێت پێنج ساڵی تەوا کردبێت، مانگا دوو ساڵ، و بزن ساڵێك ومەڕیش شەش مانگ .

لەخوای گەورە داواکارین حەجی حاجیان قبوڵ بکات، وە ئەنجامدانی ئەم ڕوکنە گەورەی ئیسلام ئاسان بکات بۆ ئەو کەسانەی تا ئێستا بۆیان نەلواوە چاویان بەماڵە پیرۆزەکەی خوای گەورە شاد بێت .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم